
# سەنگاو
# پڕۆژەی ئاوی بۆ کراوە.. بەتانکەر ئاو دابەش دەکەن

- گوندەکان لەهەموو روویەکەوە کەموکوڕییان هەیە
- ڕێگای سەنگاو – قادرکەرەم بێسەروبەرە
- پەروەردەی چەمچەماڵ ڕێگر بوو لەبەردەم دروستکردنی قوتابخانەیەک
- باخچەکان وەکو پێویست ئاو نادرێن

سەنگاو بەیەکێك لەو ناحیە کۆنانە دادەنرێت کە لە سەردەمی رژێمی بەعس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتبوو بەهۆیەوە سەنتەری شارۆچکەکەو سەرجەم گوندەکانی کە ژمارەیان ١٠٦ گوند بوون خاپوورکرابوون، لە ساڵی ١٩٩٤ ئەم ناحیەیە ئاوەدانکرایەوەو لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر بودجەی پێترۆ دۆلار چەند پرۆژەیەکی بۆ ئەنجامدرا، بەڵام پرۆژەکان لەئاست وێرانی و پێداویستی ناوچەکەدا نەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی ژمارەی ئەو گوندانەی ئاوەدانکرانەوە گەیشتە ٨٦ گوند، ژمارەی ماڵەکانی ناحیەکەش بۆ ٨٠٦ ماڵ زیادیکرد. وەکو تیمی گۆڤاری (گوڵان) سەردانی سەنگاومان کرد و لەنزیکەو چەند هاووڵاتییەکمان دواند، بەگشتی لەسەر نەبوون و کێشەی ئاوی خواردنەوەو خراپی کۆڵان و شەقامەکانی گەڕەکەکان و نەبوونی تاپۆی خانووەکانیان و سوود وەرنەگرتن لە پێشینەی خانووبەرەو چەندین بواری تری پێویست ڕەخنەو گلەییان هەبوو، لێرەدا پوختەی ئەو داواکارییانەو وەڵامی بەڕێوەبەری ناحیەکە لەم ڕاپۆرتەدا دەخەینەڕوو.





بەڵگەی کەمتەرخەمی لە پرۆژەی ئاوی سەنگاودا

### کەمیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان

کاتێك دەگەیتە سەنگاو راستەوخۆ دیمەنی کەمیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانت بەرچاو دەکەوێت، هاوکات کاریگەریی وشکەساڵیش بەو ناحیەوە دیارە، هەربۆیە داواکاری هاووڵاتیان سەبارەت بەپێداویستیی ناحیەکەیان لەپرۆژەو کارە خزمەتگوزارییەکان زۆر بوو، لەناو سەنتەری سەنگاوو لەگەڕەکی سەرکارێز،هاووڵاتی قادر ئەحمەد وتی:( سەنگاو لەڕووی خزمەتگوزارییەوە کێشەو گرفتی زۆرەو نەتوانراوە بەجیدی ئاوڕمان لێ بدەنەوە)، ئەم هاووڵاتییە باسی لە کێشەیەکی سەرەکی کرد کە تا ئێستا بێ چارەسەر ماوەتەوە ئەویش کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوەیە لەمبارەیەوە وتی: (لەناحیەکەماندا گرفتی ئاو بۆتە کێشەیەکی درێژخایەن و بێ چارەسەر ماوەتەوە، گەرچی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەمان بۆ کراوە بەڵام بەهۆی خراپیی پرۆژەکەوە بەتانکەر ئاو بەسەر گەڕەك و ماڵەکاندا دابەش دەکرێت)، هەر سەبارەت بەم کێشەیە هاووڵاتی فایەق عەلی وتی:( کەمیی ئاوی خواردنەوە کێشەی سەرەکی هەموو خەڵکی سەنگاوە، ئەو بیرانەشی لەماڵان لێدراوە بەهەڵکەندنی بیری سووری وشك دەبن، داواکارم پرۆژەیەکی ستراتیژی و گونجاو بۆ ناحیەکە ئەنجام بدرێت تاوەکو لە بێ ئاوی رزگارمان بێت).

سەبارەت بەکەموکوڕی پەروەردەش هاووڵاتی پەیوەند کامەران وتی:( کێشەی قوتابخانەو مامۆستامان لە ناو سەنتەری شارۆچکەکە کەمە، بەڵام کێشەی قوتابخانەو خوێندن زیاتر لە گوندەکان هەیە بەتایبەتی لەڕووی نەبوونی قۆناغی ئامادەیی لە گوندەکان، کە وایکردووە ئەو قوتابیانەی کە قۆناغی سەرەتایی و بنەڕەتی تەواو دەکەن لەخوێندن دادەبڕێن، تەنانەت جگە لەم کێشەیە کەمی مامۆستاش لەقوتابخانەی گوندەکان کێشەیەکی تری ئاڵۆزەو چارەسەر نەکراوە). گرنگی نەدان بە خواستی گەنجان وەکو زۆربەی قەزاو ناحیەکانی تر لەسەنگاویش درکی پێ دەکرێت لەمبارەیەوە هاووڵاتیی مامۆستا بێستون لەگەڕەکی قازی محەمەد وتی:( ناحیەکەمان لەبواری سەنتەری رۆشنبیری و لاوان کەموکوڕی هەیەو پشتگوێخراوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم بۆ گەنجەکانمان ساڵانە لەوەرزی پشووی هاویندا خولی رۆشنبیری بکرێتەوە ). سەبارەت بەخزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و داواکاری هاووڵاتییان ئەم مامۆستایە پێی وابوو کۆڵان و شەقامەکانی ناو گەڕەکەکان پێویستیان بەچاککردن و قیرتاوکردن هەیە، لەلایەکی دیکە لەڕووی پارك و باخچەوە گلەیی و گازندە هەبوو، چونکە

**دەرگای باخچەکان داخراون و دارو پانتاییە سەوزەکانیشیان بەرەو وشکبوون دەچن**



**هاووڵاتیان داوای پرۆژەی ئاوی خواردنەوەو تاپۆکردنی خانووەکانیان دەکەن**



**قوتابیانی گوندەکان کە قۆناغی ٦ی بنەڕەتی تەواو دەکەن بەهۆی نەبوونی قۆناغەکانی دیکە لە خوێندن دادەبڕێن**



**بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو بۆ(گوڵان):**

# بەڵگەمان لەبەردەستە کەموکورتی پرۆژەی ئاوی سەنگاو بۆ کەمتەرخەمی پارێزگاری پێشووی سلێمانی دەگەڕێتەوە



لەنــاو ناحیەکە دوو باخچە هەیــە کە دەرگاکانیان داخــراوەو ناهێڵن کەس بچێتە ناوی و دارو پانتایی سەوزەکانیشیان بەرەو وشــکبوون دەچن و خزمەت ناکرێن. هەروەها هەندێ پرۆژە هەیە بە شێوەیەکی خراپ و کەموکوڕی زۆرەوە ئەنجامدراوە هەر وەکو ئــەو ئاوەڕۆیانەی کە لەناو گەڕەك و ســەنتەری ناحیەکــە ئەنجام دراوە کە لەهەندێ شــوێندا ئاوە پیسەکە پەنگ دەخواتەوە و ناڕوات. هەر سەبارەت بە خراپیــی کارو چالاکی پرۆژەکانی شــارەوانی مامەند مەجیــد وتی:( پرۆژەی ئاوەڕۆ لەچەندین شوێنی ناو سەنتەری ناحیەکە ئەنجامدراوە، کەچی لەهەنــدێ جێگادا ئاوی لێ نــاڕوات، لەلایەکی دیکە ئێمە لەبەر نەبوون و کێشــەی تاپۆی زەوی و خانووەکانمان لە پێشــینەی خانووبەرە سوودمەند نەبووین، داواکارین لەحکومەت کێشەی تاپۆکردنی زەوی و خانووەکانمــان بــۆ چارەســەر بکــەن یا بەبڕیارێکــی تایبــەت پێشــینەی خانووبەرەمان پێ بدەن ). ســەبارەت بــە بارودۆخی گوندەکانی ســنوورەکەش کە لــەڕووی خزمەتگوزارییەکانەوە زۆر پشــتگوێخراون، هەر لــە پرۆژەکانی کارەباو ئاوو ئاودێــری و ڕێگا، تەنانــەت ژمارەیەك لەو هاووڵاتییانەی قسەیان بۆ کردین باسیان لە نەبوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان کرد کە بەهۆیەوە کۆچی گوندنشــینەکان بۆ ناحیەو قەزاو شارەکان دەستی پێکردۆتەوە.

**ئەو داواکارییانەی هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی دیکەمان ڕووبەڕووی فەلاح مســتەفا بەڕێوەبەری ناحیەی ســەنگاو کردەوە کە بەڕاشکاویی وەڵامی هەمــوو پرســیارەکانی دایـنــەوە؛ کــە پووختەی وەڵامەکانی لێرەدا بڵاودەکەینەوە.**

## کێشەی ئاوی خواردنەوە

ســەرەتا ســەبارەت بەکێشــەی ئاوی خواردنەوە لەســەنتەری شــارۆچکە و گوندەکانی سنوورەکە بەڕێوەبەری ناحیەی ســەنگاو وتی: ( کێشــەی ئاوی خواردنەوەمان هەبووەو بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتــەش پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە بەتێچوونی زیاتــر لە ١ ملیارو نیــو دینار بــۆ ناحیەکەمان ئەنجامدراوە، بەڵام ئــەو پرۆژەیەش لەبەر کەمیی ئاوی ژێر زەوی لە ناو ناحیەو سنوورەکەدا نەیتوانیوە کێشەکە چارەسەر بکات، هیچ سەرچاوەیەکی زێی بچووکیش لەســنوورەکە نزیك نییــە تا بتوانین لەو ســەرچاوەوە پرۆژەی ئاو بۆ ناحیەو سنوورەکەمان دابین بکات، لە ســنووری گونــدی زینانە دوای ڕووپێوکردن و بەدواداچوونێکی زۆر گەیشتنە ئەوەی کە لەم شوێنەدا ئاوی ژێر زەوی هەیە و دەتوانرێت بیرێکی لێ هەڵکەندرێت و ســوودی لێوەربگیرێت کە بەم پرۆژەیەش کێشــەی ئاوی ناو ســەنتەری ناحیەکەمــان نامێنێــت، بەڵام کە ئێســتا ئاو بۆ ماڵەکانی ناحیەکە نایەت ئەوە هۆکارەکەی خراپی و کێشەی تۆڕی دابەشــکردنی ئاوەکەیە، بۆ ئەو مەبەستەش بودجە تەرخانکراوە تاوەکو لەهەر شوێن و گەڕەك و کۆڵانێك بۆڕی تۆڕی دابەشکردنی ئاو شــکابێت نۆژەنی دەکەینەوە، ئەو کێشەی شکان و خراپیی تۆڕەکە لەهەندێ شوێندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەو کاتەی ئــەو بۆڕی و تۆڕە لەناو ســەنتەری شارۆچکەکە دانراوە هیچ تێســتێکی بۆ نەکراوە. هۆکاری خراپیی ئەو پرۆژەیە و هەر پرۆژەیەکی تر و لەهەر شــوێنێکیش بێت بۆ نەبوونی بەدواداچوون و هەندێکیشــی لەبەر هەبوونی هەندێ پەیوەندیی دەگەڕێتەوە کە چاوپۆشــی لــە کەموکوڕییەکان کراوە، بۆ بەدواداچوون لەســەر پــرۆژەی تۆڕی دابەشــکردنی ئاوی ناو ســەنتەری ناحیەکە داوام لە سەرۆکی شارەوانیی پێشــووی سەنگاو کردووە کە بۆچی ئەو پرۆژەیە بەکەموکوڕییەوە وەرگیراوە لەوەڵامدا دەڵێــت:( لەکاتی خــۆی لەپارێزگای ســلێمانییەوە داوای زۆریان لێ کردم کەدەبێت هەر ئەو پرۆژەیــە وەربگریت..)، ئەو بەڵگەیەش ئەوەتا لەبەردەســتە و دەیسەلمێنێت کە لەلایەن پارێزگاری ســلێمانییەوە کەمتەرخەمی لــەو پرۆژەیە کراوەو دەتوانن وێنەی بگرن و بڵاویشی بکەنەوە. هەروەها لە هەندێ گوندی سنوورەکە کێشەی ئاومان هەبووە بۆمان چارەســەرکردن و ئەوانەی ماون لەبەرنامەیە بۆیان چارەســەر بکەین، بــەڵام بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دەوروبەری ســلێمانی لەهەندێ کارو ئیشدا کەمتەرخەم و سســتن و لەســەردان و ئەنجامدانی پرۆژەدا دوادەکەون. بۆیە بەپێویستی دەزانین هەندێك بوودجەو دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی هەندێ پرۆژە بە فەرمانگەی ئاوی ناحیەی سەنگاو بدرێت.

## کێشەی تاپۆی خانووەکانی هاووڵاتیان

ســەبارەت بە هەبوونی ماســتەرپلان یا نەخشەی بنەڕەتــی کە بــۆ ئیش وکارەکانی نــاو ناحیەکەو چارەســەرکردنی کێشــەی کوژاندنەوەی زەوی و تاپــۆی خانووبەرە بەڕێوەبەری ناحیەی ســەنگاو وتی:( ناحیەی سەنگاو ماستەرپلانی نییە، بەڵام نەخشــەی بنەڕەتی هەیە، هەروەها لەناو سەنتەری ناحیەکەدا کێشەی تاپۆ هەیە و کۆمەڵێك پارچە زەوی هەیە تا ئێستاکە هەر بەناوی وەزارەتی شارەوانییە، لەکاتێکدا نەخشەی بنەڕەتی شارۆچکەکە کراوە و زەوی پارچە پارچە کراوە ئەوە کێشــە و گرفت لە دیزاینی زەوی و تاپۆکردنیان دروســت بوو، لەبەر هەبوونــی زەویی زیاد لەناو ســەنتەری ناحیەکەدا ئەوە ئێستاکە پێویستمان بەکوژاندنەوەی زەوی دیکە نییە و ئەو کەســەی تاپۆی نەبێت لە پێشــینەی خانووبەرەش سوودمەند نابێت و بێبەش دەبێت. لێرەدا داواکارین وەزارەتی پێوەندار کار لەسەر ساخکردنەوەو تاپۆکردنی ئەو زەویانەی ناو سەنگاو بۆ خەڵکەکە بکەن.

## ڕێگاوبان و قیرتاوکردنی کۆڵان و شەقامەکان

سەبارەت بەکێشــەی ڕێگاوبانە ســەرەکییەکان و قیرتاوکردنــی کۆڵان و شــەقامەکان بەڕێوەبەری ناحیەی ســەنگاو وتی: لەناو سەنتەری ناحیەکەدا ئێســتا بۆ چاککــردن و قیرتاوکردنی شــەقام و کۆڵانەکانی هەندێ گەڕەك و چەند شــەقامێکی دیکــە بەرنامەو پرۆژەمــان و هەندێکیان کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن و هەوڵ دەدەین ســاڵانە بەپێی ئەو پلان و بەرنامانەی هەمانە کۆڵان و شەقامەکانی ناو گەڕەکەکانی شارۆچکەکە قیرتاو و شۆستەیان بۆ بکەین، هەروەها لەڕێگا سەرەکییەکانی سنوورەکە کە بۆ ناو ناحیەکە دێــت ئەوە ڕێگای چەمەماڵ – ســەنگاو نۆژەنکراوەتەوە، پرۆژەی چاککردنی ڕێگای ســەنگاو – بانی مۆڵیش کە دوا گوندی

سنوورەکەیە لەلای دەربەندیخانەوە خراوەتە بەرنامەو ئەمساڵ دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام دوو ڕێگای تری سەرەکی زۆر گرنگ لەسنوورەکە هەیە کە زۆر خراپن، ئەوانیش ڕێگای سەنگاو – قادرکەرەمە کە زۆر ستراتیژییە کەچی بێسەروبەرە و وێرانە، داواکاریمان بەنووسراو بۆ چاککردنی ئەو ڕێگایە بەرزکردۆتەوە تا ئێستا بێ وەڵام بووە، ڕێگاکەی تریش سەنگاو – جەهفەرانە کە لێرەوە بۆ قەراخ و لەوێشەوە بۆ سلێمانی دەچێت. هاوکات گوندەکانی سنوورەکەش بەشی زۆریان پێویستی بە چاککردنی تۆڕی ڕێگاوبان هەیە .

هەر سەبارەت بەخزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و کۆکردنەوەو خۆ رزگارکردن لەزبڵوخاشاك لەناو سەنتەری شارۆچکە و گەڕەکەکاندا بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو وتی: سیستەمی پاککردنەوە و خۆرزگارکردن لەزبڵوخاشاك کۆن و تەقلیدیە، بۆ پاککردنەوەی سەنتەری ناحیەکە چەند کرێکارێك بە گرێبەست لە شارەوانی دامەزراون بەو کارە هەڵدەستن و لەپاشان زبڵوخاشاکەکە دەگوازنەوە شوێنێك لەدەرەوەی شارۆچکەکە و دەیسووتێنن، ئەمەش بۆ پیسبوونی ژینگەی سنوورەکە زۆر مەترسیدارە.

## پانتایی سەوزاییەکان وشکی کردووە

سەبارەت بە پارك و باخچەو یاریگای وەرزشی بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو وتی: باخچەکانی ناو سەنگاو لەبەر نەبوون و کەمیی ئاو وەکو پێویست ئاو نادرێن، هەر ئەمەشە وایکردووە دارودرەختەکەی وەکو پێویست گەشەی نەکردووە و پانتایی سەوزایەکان وشکی کردووە، بەڵام بە دڵنیایەوە لە ماوەی یەك مانگدا چارەسەری ئەو گرفتە دەکەین و باخچەکان دەخەینە خزمەتی هاووڵاتیانی سەنگاوەوە، لەڕووی وەرزشەوە گۆڕەپانێکی تاتان و مەلەوانگەیەکی مۆدێرنمان هەیە، بەڵام مەلەوانگەکە لەبەر ئەوەی لەلایەنی بەرپرسەوە پاش وەرگرتنی پاسەوانی بۆ دانەنراوە و خەڵکەکەش مشووریان نەخواردووە بێسەروبەر کراوە.

## پێداویستیی گوندەکان

سەبارەت بە کەموکوڕی و ئەو خزمەتگوزارییانەی گوندەکانی سنوورەکە پێویستیانە بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو وتی: ئەوەی زۆر پێویست بێت بۆ گوندەکان بە پلەی یەکەم چاککردنەوەو دروستکردنی تۆڕی ڕێگاوبانەکانیان و گەیاندنی تۆڕی دابەشکردنی کارەبای نیشتمانی و چارەسەرکردنی کێشەی کەمی ئاوی خواردنەوەیە، ئاشکراشە پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە بودجەو بڕە پارەیەکی زۆری دەوێت و لەکاتێکیشدا کە بیر بۆ گوندێك لێ دەدرێت ئەوە بۆڕی سەرەکی و تۆڕی ئاوی خواردنەوە بۆ ماڵەکان پێویستە دابنرێت، لەلایەکی دیکەوە کێشەی نەبوون و خراپی و کەمیی قوتابخانە لە گوندەکانی سنوورەکە هەیە، لەبواری تەندروستیش کێشە لەگوندەکان هەیە بەتایبەتی لەنەبوونی پزیشك و کەمیی کارمەندی پسپۆڕی تەندروستیدا.

## پەروەردەو کەرتێکی پڕ لە کێشە

سەبارەت بەکەرتی پەروەردەو کێشەو گرفتەکانی،بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو وتی: گوندەکانمان پێویستیی زۆریان بەقوتابخانە هەیە لەم رووەوە رەخنەو گلەیی زۆرمان لەپەروەردەی چەمچەماڵ هەیە، چونکە بڕیاری دروستکردنی قوتابخانەیەکی ١٢ پۆلی بۆ گوندێك دەرچوو، کەچی پەروەردەی چەمچەماڵ ئەو قوتابخانەی بۆ ناو چەمچەماڵ برد، جگە لەوە بۆ هەمان گوندی سنوورەکە هەوڵدرا قوتابخانەیەکی ٦ پۆلی بۆ دروست بکرێت لە کاتێکدا کە نووسراو بۆ پەروەردەی چەمچەماڵ بەرز دەکەینەوە،لەوێ بەربەست و گرفتی بۆ دروست دەکەن، هاوکات لەڕووی مامۆستاوە بەتایبەتی لە کەمیی مامۆستای پسپۆڕو وانە زانستییەکان کێشەو کەموکوڕیمان هەیە، هەر بۆ نموونە ئێستا قۆناغی ئامادەیی لەناو سەنگاو پێویستی بە مامۆستای پسپۆڕە ئەوە پەروەردەی چەمچەماڵ بۆمان ڕەوانی ناکات و کێشەکە چارەسەر ناکات، هاوکات لە گواستنەوەی مامۆستا لە پەروەردەی چەمچەماڵ دیاردەی واسیتە هەیە . لەسنوورەکەدا پێویستمان بە قوتابخانەی دواناوەندی و ئامادەیی هەیە، چونکە چەندین قوتابی لە گوندەکانی سنوورەکە قۆناغی ٦ بنەڕەتیان تەواوکردووە لەبەر نەبوونی قۆناغەکانی دیکە لەخوێندن دابڕاون.

## کێشەی خزمەتگوزاریی تەندروستی

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو وتی:(لە ناو سەنتەری شارۆچکەکە بنکەیەکی تەندروستی تایپ (A) ی هەیە، بەڵام کێشەی نەبوونی پزیشکمان هەیە و لە هەندێ لە گوندەکانیش بنکەی تەندروستی هەیە کە ئەوانیش یاریدەدەری پزیشکی کاری تێدا دەکەن، هەر بۆیە زۆربەی نەخۆشەکانی ناحیەکە سەردانی نەخۆشخانەکانی چەمچەماڵ و شاری سلێمانی دەکەن، چەندین جاریش قسەو داواکاری لە تەندروستی چەمچەماڵ وەزارەتی تەندروستی کراوە کە پزیشك و کارمەندی تەندروستی بۆ بنکەی تەندروستی ناو سەنتەری ناحیەکە دابمەزرێنن تا ئێستا هەر وەکو خۆیەتی.

## دابەزاندنی دەسەڵاتەکان

سەبارەت بەدابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕیی و دارایی بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو وتی: ئێمە وەکو بەرپرسی یەکەی ئیدارەی ناحیەکە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، هەروەها لەلایەنی دارایی و بودجەوە جگە لەو بڕە خەرجییەی کە تەنیا دوو ملیۆن دینارە هیچی دیکەمان لەبەر دەست نییە و خۆزگە لەو دوو ملیۆنەی کە هەیە بکرابووایە هاوکاری هەندێ حاڵەت و ئیشمان پێ بکردبووایە، چونکە لە خەرجکردنی ئەو پارەیەش وەسڵ و ڕۆتینێکی زۆری پێویستە. من لە حکومەت پرسیار دەکەم، ئایا چۆن دەبێت بەڕێوەبەرێکی ناحیە لەمانگێکدا دەسەڵاتی بۆ کارتی مۆبایل،تەنیا ٢٠ هەزار دینار بێت؟

